نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوونەوە



سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوونەوە. بەگوێرەی ئاژانسی رێیتەرز، هەرشە درێنییەکان بۆ سەر کێگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، یەکێك لە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی نرخی نەوت.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەینی، نرخی نەوت بەرزبونەوەی بەخێوە بینی، بەشێوەیەك کە لە ئێستادا یەك بەرمیل نەوتی خاوی برێنت بە 69 دۆلار و 78 سەنت و هەروەها یەك بەرمیل نەوتی تەکساس بە 67 دۆلار و 83 سەنت ماملێی پێوەدەکرێت.

بەرزبونەوەی نرخی نەوت بەگوێرەی ئاژانسی رێیتەرز لەبەر دو هۆکارە، یەکەمیان ئەوەیە کە یەکێتی ئەورووپا گەیشتۆتە رێککەوتن لەبارەی سپاندنی یەك گورز سزای نوێ بەسەر روسیادا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیاوە لەگەڵ گرتنەبەری چەند رێکارێك لە دژی کەرتی نەوتی و وزەی روسیا.

ئاژانسەکە، ئەو هەرشە درێنیانەشی کە چەند رۆژێکە دەکرێنە سەر کێگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

بە هەکارێکی دیکەی بەرزبونەوەی نرخی نەوت ناوبردوە.

دو بەرپرس لە کەرتی وزە بە ئاژانسەکەیان وتوە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە نزیکەی 280 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەوە بە نزیکەی 140 هەزار بۆ 150 هەزار بەرمیلی رۆژانە دابەزیوە.

ئەو بەرپرسانە هەمایان بۆ ئەوە کردوە کە رێنگە گروپە چەکدارەکانی لایەنگری ئێران لێپشت هەرشە درێنییەکانەوە بن، لەکاتێکدا تاوەکو ئێستا هیچ گروپێك بەرپرسیارێتی هەرشەکانی لە ئێستە نەگرتوە.